حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی پەروەردە

# سیستەمی خوێندنگە ئامادەییەکان

# 2009

ناوی پەرتووك: سیستەمی خوێندگە ئامادەییەکان

ئامادەکردنی: لێژنەیەکی تایبەت لە وەزارەتی پەروەردە

سەرپەرشتی و ڕێکخستن : تریفە عبداللە ابراهیم

پێداچوونەوەی زمانەوانی : سادق ئەحمەد عوسمان

دیزاینی بەرگ و ناوەڕۆك : مەهدی عباس قادر

سەرپەرشتی چاپ : عوسمان پیرداود

تیڕاژ: ١٥٠٠٠ دانە

هەولێر- ٢٠٠٩

**بەرایی**

**ئەمڕۆ وەزارەتی پەروەردە سیستەمی قوتابخانە بنەڕەتییەکان و خوێندنگە ئامادەییەکان پێشکەشی دەستەی پەروەردەکاران و فێرکارانی کوردستان دەکات.**

**لە ڕوانگەی ئەو راستییەی کە چەمکی گۆڕین و ریفۆرم لەبواری پەروەردەو فێرکردن پڕۆسەیەکی هەمەلایەنی فرە رەهەندە، دەبێ سەرجەم جومگە بنەڕەتییەکانی ئەو بوارە بگرێتەوە، پێویستە ئاراستەیەکی هەمەلایەنی ستراتیژی وای هەبێت کە کار لەسەر هەموو ئەو جومگە بەیەك بەستراوانە بکات وەك سیستەمێکی تەواوکار.**

**هەستکردن بەو راستیەی سەرەوە، وەزارەتی پەروەردە لەکابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا پلانی گۆڕینی ریشەیی لەسیستەمی پەروەردەدا داڕشت کە سەرجەم لایەنەکانی پەروەردە بگرێتەوە بۆ ئەم مەبەستەو بەئامانجی بەشداریکردنی زۆربەی پەروەردەکارانی کوردستان بەسوود وەرگرتن لە تواناکانی دەرەوە بڕیاری بەستنی کۆنگرەی پەروەردەیی داو دوای هەشت مانگ لەخۆئامادەکرن و بە بەشداری نزیکەی 500 شارەزای بواری پەروەردە کۆنگرەیەکی لە هەولێری پایتەخت لەژێر دروشمی (( گۆڕینی دیدی فەلسەفیمان بۆ مرۆڤ بنەمای گۆڕانکارییەکانە لەسیستەمی پەروەردەو فێرکردن )) لە رۆژانی 22 – 24 ی ئایاری 2007 بەست ، کۆنگرەکە زۆر سەرکەوتووانە بەڕێوەچوو تاکە کۆنگرەش بووە کە توانی راسپاردەکان بکاتە پڕۆژەو لەدوای وەرگرتنی رەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیران، دواتر بەکۆی دەنگ لە پەرلەمانی کوردستان پڕۆژەکە پەسەند کراو خرایە چوارچێوەی یاساوە.**

**ئەمڕۆ لەژێر رۆشنایی ئەو پڕۆژەیە بۆ یەکەمجار لە کوردستاندا دەبینە خاوەنی سیستەمی قوتابخانە بنەڕەتییەکان و خوێندنگە ئامادەییەکان کە سەرجەم بەندو بڕگەکانی لەگەڵ یاسای هەموارکراوی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان و رێنماییەکانی ئەنجوومەنی وەزیراندا کۆکن و مۆرکی سیستەمێکی مۆدێرن و خاوەن فەلسەفەیەکی پەروەردەیی دیموکراتی رۆشنیان پێوەیە کە ئامانجەکانی وەزارەتی پەروەردە دێنێتە دی، لە ئامادەکردنی نەوەیەکی وشیارو خوێندەوارو نیشتمانپەروەر، بۆ ئەوەی خاوەنی بیرکردنەوەیەکی زانستییانە بێت و هاونیشتمانییێکی گۆشکراو بە زانست و زانیاری و رەوشت بەرز بێت. توانای وەرگرتنی پەرەسەندن و گۆڕانکارییە شارستانیەکانی هەبێت و لە مافەکانی مرۆڤ تێبگات. باوەڕداربێت بە سەرەتاکانی دیموکراتی و هاوڵاتیبوون، هەروەها هەست بەئەرکەکانی سەرشانی بکات و لەئازادی و بەرپرسیارێتی تێبگات لە چوارچێوەی کۆمەڵگەدا. هەلی خوێندن بۆ هەموو ئەوانە بڕەخسێنێت کە ئارەزوویان لەخوێندنە یان پێویستییان پێیەتی. ئەم سیستەمە رێپیشاندەرو**

**هاریکارییەکی باشی مامۆستاو بەڕێوەبەرو سەرجەم پەروەردەکارانە بۆ باشتر جێبەجێکردنی ئەرکە پەروەردەیی و فێرکارییەکان لەژێر رۆشنایی سیستەمی نوێی پەروەردە کە رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر دەچەسپێ و پێشدەکەوێ.**

**د. دڵشاد عەبدولرەحمان محەمەد**

**وەزیری پەروەردە**

2008/6/1

هەرێمی كوردستان-عیراق
سەرۆكایەتی ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی پەروەردە

## بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان

بەپێی یاسای وەزارەتی پەروەردە ژمارە (4) ی ساڵی 1992 ی هەمواركراوو پاڵپشت بە بڕیاری ژمارە (7) ی ئەنجوومەنی وەزیران لە كۆبوونەوەی ژمارە (30) لە ڕێكەوتی 2009/1/21 وە بەپێی ئەو ڕوونكردنەوانەی كە لەلایەن بەڕێز وەزیری پەروەردە پێشكەشكرا ، بڕیارماندا بە دەركردنی :

# سیستەمی خوێندنگە ئامادەییەكان ژمارە (2) ی ساڵی 2009

# سیستەمی خوێندنگە ئامادەییەکان
# 2009

## دەروازەی یەک

## بنەما گشتییەکان و زانست

**بەندی 1**

**خوێندنی ئامادەیی هەوڵدەدات لە پێناو ئەوەی هەموو ئەو خوێندکارانەی خوێندنی بنەڕەتییان تەواو کردووە بتوانن خوێندنی ئامادەییش تەواو بکەن و لەم قۆناغەدا پەرە بە توانا هزری و ڕۆشنبیری و جەستەییەکانی خۆیان بدەن. هەروەها گەشە بە زانیارییەکانی خۆیان بدەن بۆ ئەوەی بتوانن ئاستێکی بالاَتریان لە بواری زمان و هزر و کولتور و زانست و تەکنەلۆژیا و کۆمپیوتەر و ماتماتیک و کۆمەڵناسی و جوگرافیا و مێژوو... هتد هەبێت و بتوانن لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیاندا سود لە سەرجەم ئەو زانستانە وەربگرن و هاوکێشە ئاسۆیی و ستوونییەکانی نێوان ئەو لقانە بدۆزنەوە. بە هەمان شێوە خوێندنی ئامادەیی کار دەکات بۆ ئەوەی خوێندکاران بتوانن ببنە خاوەن ئەزموونێکی باش کە یارمەتییان بدات بۆ ئەوەی لە بواری کارکردندا سەرکەوتووبن. خوێندنی ئامادەیی خوێندکاران بۆ خوێندن لە زانکۆ و پەیمانگە ئامادە دەکات و بواری بیرکردنەوەیان لە بەرامبەر بیری هاوچەرخ زیاتر دەکات و هەوڵ دەدات بۆ ئەوەی هەستی نیشتمانپەروەریان بەهێزتر بکات و فێری چۆنێتی بونیادنانی ولاَتەکەیان بکات. لە هەمان کاتدا هەوڵ دەدات بۆ ئەوەی سەرجەم خوێندکاران ئاشنای بنەما نێو دەوڵەتییەکانی مافەکانی مرۆڤ و پاراستنی ژینگە بن. لە ڕێگەی تاقیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی زانستییەوە خوێندنی ئامادەیی کار دەکات بۆ بەرجەستەکردنی زانستەکان لەگەڵ فەرامۆش نەکردنی لایەنی پەروەردەیی.**

**بەندی 2**

**سیستەمی پەروەردەی نوێ هەوڵدەدات بۆ پەروەردەکردنی نەوەیەکی بڕوا بەخۆ بوو، دیموکرات، دڵسۆز بۆ گەل و نیشتمان و دەروون تەندروست. پڕەنسیپە دیموکراتییەکانی ناو خوێندنگە و توانای تاکە کەس لەنێو پۆلدا لەبەر چاو دەگرێت، بە شێوەیەك کە خوێندن و وانە وتنەوە لە پۆلدا بە پێی ئەو توانایانە ڕێکبخرێت بۆ ئەوەی نەوەکانی کوردستان ئەو ساڵانەی تەمەنیان**

بە سوودترین شێوە بەکار بهێنن.

بەندی 3

لە سیستەمی نوێی فێرکاریدا کچ و کوڕ یەکسانن لە هەموو ماف و ئەرکێکدا. هیچ جۆرە سەرکوتکردن و سزایەکی جەستەیی خوێندکار، فیزیکی یا دەروونی، لە ناو سیستەمی فێرکاری کوردستاندا ڕێگەی پێنادرێت و لە کاتی سەرهەڵدانیدا خوێندنگە لە بنبڕکردنی بەرپرسیارە. خوێندکار تەوەری سەرەکی دەبێت، هەموو سیستەمەکە لە پێناو گەیاندنی بەها بەرزەکان و زانست بە خوێندکار کار دەکات.

بەندی 4

خوێندن بریتییە لە بەرهەمهێنانەوەی زانست و خوێندنەوەی ڕەخنەگرانەی دەقەکان، ئەرکی خوێندنگە پەروەردەکردن و ئامادەکردنی خوێندکارە بۆ ژیانی گەورەساڵی، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی سەربەست لە ژێر بەرپرسیاریدا بەشداری کاریگەر لە ژیانی کۆمەڵدا بکات. خوێندنگە دەرگای بیرکردنەوە، داهێنان و دەستپێشخەری بۆ خوێندکار ئاوەڵا دەکات و بواری ژیانێکی سەربەخۆی بۆ دەڕەخسێنێت.

بەندی 5

قۆناغی ئامادەیی بریتییە لە 3 ساڵی خوێندن کە بە پۆلی دە، یازدە، دوازدە دەناسرێن.

بەندی 6

بە پێی بنەماکانی ئەم سیستەمە هەموو خوێندکارێك بۆی هەیە بە پێی نمرەی ڕێژەی دەرچوونی لە قۆناغی بنەڕەتییدا لەم قۆناغەدا بخوێنێت.

بەندی 7

وەزارەتی پەروەردە بەرپرسیارە بەرامبەر بە داڕشتنی سیاسەتی فێرکاری و پەروەردەیی خوێندنی ئامادەیی. ئەم سیاسەتە دەبێ ئامانجەکانی پلانی گەشەسەندنی نیشتمانی کوردستان بپێکێت و هەوڵ بۆ دانانی پلانی تۆکمەتر بدات بۆ ئەوەی ناوەندەکانی خوێندن بەو پلانەوە ببەستێتەوە. هەروەها بەرپرسیارە بەرامبەر بە دانانی پرۆگرامەکان و پەرتووکە هاوکارەکان و گەشەسەندنی شێوازەکانی وانە وتنەوە و دابینکردنی کەرەستەکانی فێربوون و ڕێکخستنی چالاکییە فێرکاری و پەروەردەییەکان و تاقیکردنەوەکان. هەروەها دانانی هەموو ئەو پلانانەی بۆ گەشەسەندنی پرۆسەی فێرکاری پێویستن.

بەندی 8

یەکەم/ لە کردنەوەی خوێندنگە ئامادەییەکاندا دەبێ ئەم دوو خاڵە ڕەچاو بکرێن:

ئ. ڕەخساندنی هەلی خوێندن بۆ هەموو تاکەکان بە پێی ڕێژەی دەرچوونی لە قۆناغی

**بنەڕەتییدا.**

**ب. باش بەکارهێنانی توانای مامۆستایان و کەرەستە فێرکارییەکان و تێچوونە مادییەکان.**

**دووەم/ لە کاتی پێویستدا خوێندنگەی ئامادەیی ئەکادیمی ئێواران دەکرێتەوە.**

**بەندی 9**

**وەزارەتی پەروەردە بۆی هەیە هەندێ خوێندنگەی ئامادەیی هەڵبژێرێت بە مەبەستی ئەوەی هەندێ تاقیکردنەوەی تایبەتی تێدا ئەنجام بدات. دەکرێ لەم جۆرە خوێندنگەیانەدا پەڕتووکی تایبەت و شێوازی فێرکاری و تاقیکردنەوەی تایبەتیش بەکار بهێنرێن، بە مەرجێك سەرجەم ئەم گۆڕانکارییانە کار لە ئامانجەکانی خوێندنی ئامادەیی نەکەن و لە پڕۆگرامی خوێندنی هەرێمی کوردستان دەرنەچێت.**

**بەندی 10**

**تاقیکردنەوەکان پێوەری کۆنترۆڵکردن نین، بەڵکو یەکێکن لە پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن و بەدواداچوون لە پێناو گەیاندنی خوێندکار بە ئامانجەکانی.**

**بەندی 11**

**جۆرەکانی خوێندنی ئامادەیی بریتین لەمانەی خوارەوە:**

**یەکەم // ئامادەییە ئەکادیمییەکان (زانستی، وێژەیی)**

**دووەم // ئامادەییە پیشەییەکان (پیشەسازی، کشتوکاڵ، بازرگانی)**

**سێیەم // هەر لقێکی دیکە کە پێویست بێت بکرێتەوە.**

**بەندی 12**

**لە کاتی دامەزراندنی مامۆستا و یاریدەدەرو بەڕێوەبەری خوێندنگە ئامادەییەکاندا دەبێ ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێت :**

**یەکەم // دەبێ مامۆستاکان خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس یا بالاتر بن.**

**دووەم // دەبێ یاریدەدەری بەڕێوەبەر لە بواری وانە وتنەوەدا شارەزایی هەبێت و زیاتر لە 3 ساڵ ئەزمونی کاری مامۆستایی هەبێت کە لەو ماوەیەدا بەهرە و توانای زانستی و فێرکاری و پەروەردەیی و ڕێکخستن و کارگێڕی خۆی نیشان دابێت.**

**سێیەم // ئ. بەڕێوەبەر دەبێ لە ناو پارێزگا 5 ساڵ یان زیاتر و لە ناو قەزا و ناحیە و کۆمەڵگاکانیش 3 ساڵ خزمەتی وانە وتنەوەی هەبێت کە لەو ماوەیەدا بەهرە و توانای زانستی و فێرکاری و پەروەردەیی خۆی نیشان دابێت. وا باشترە کاری یاریدەدەری بەڕێوەبەری کردبێت.**

**ب. لە کاتی زۆر پێویستدا دەکرێت لە شوێنە دوورە دەستەکاندا بەڕێوەبەر دابنرێت بە شێوەی (دانانی کاتی) بەبێ ڕەچاوکردنی ماوەی ڕاژەکەی.**

**چوارەم // دەبێ خاوەن بەهرە و کەسایەتییەکی بەهێز و ناوبانگێکی باشی هەبێت و باوەڕی بە بنەماکانی دیموکراسیەت و مافی مرۆڤ و کۆمەڵگای مەدەنی هەبێت و هیچ جۆرە سزایەکی لە ئە نجامی دادگایی و لێکۆڵینەوەی پەروەردەیی ئاراستە نەکرا بێت.**

**پێنجەم // دوای هەبوونی ئەو مەرج و پێوەرانەی لە سەرەوە ئاماژەیان بۆ کراوە، مامۆستای پاڵێوراو بە ئە نجامدانی دوو تاقیکردنەوەی نووسینەکی ( تحریری ) و چاوپێکەوتن ( مقابلە ) و دەرچوونی بە پلەی ( 60٪ ) و زیاتر پلەی بەڕێوەبەری پێدەدرێ.**

**بەندی 13**

**دەستەی مامۆستایان لە بەڕێوەبەری خوێندنگە و یاریدەدەرەکان و مامۆستاکان پێك دێت کە لە نێو خۆیاندا ئە نجوومەنی مامۆستایان پێکدەهێنن. سەرجەم ئەم لایەنانە کار دەکەن بۆ ئەوەی تەواوی کارە فێرکاری و پەروەردەیی و کارگێڕی و کۆمەڵایەتییەکانی خوێندنگە ڕاپەڕێنن و بەدواداچوون بۆ خوێندکاران بکەن و دەرفەتی جۆراوجۆری زانستی و فێرکاری و پەروەردەییان لە بەردەمدا برەخسێنن بۆ ئەوەی بە پێی پێویست گەشە بکەن.**

# دەروازەی دوو

# وەرگرتنی خوێندکاران

**بەندی 14**

**یەکەم //  هەر قوتابییەك قوتابخانەی بنەڕەتی یا قوتابخانەیەکی هاوتای تەواو کردبێت بە پێی ڕێژەی دەرچوونی دیاریکراو بۆی هەیە دوای پێشکەشکردنی ئەم بەڵگەنامانەی خوارەوە، لە خوێندنگە ئامادەییەکان دەست بە خوێندن بکات.**

**ئـ. بڕوانامەی قوتابخانەی بنەڕەتی پەسندکراو یا هەر قوتابخانەیەکی هاوتای دیکە پاش ئەوەی لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی تاقیکردنەوەکانی وەزارەتی پەروەردەوە هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت.**

**ب. فۆڕمی وەرگرتن کە تیایدا هەموو ئەو زانیاریانەی تێدابێت کە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەوە دەست نیشانکراون و بۆ نموونە ناو و ناونیشان و شوێن و ساڵی لە دایکبوون و وێنەیەکی نوێ.**

**پ. ناسنامەی باری کەسێتی**

**ت. گەواهینامەی لەش ساغی لە نەخۆشییە درمییەکان کە لە لایەن لێژنەی پزیشکی خوێندنگەکانەوە (گبابە الصحە المدرسیە) یا لە هەر لایەکی پزیشکی فەرمییەوە دەرچووبێت و بیسەلمێنێت کە ئەو خوێندکارە تەندروستە.**

**دووەم //  هەر خوێندکارێك دوای وەرگرتنی لە خوێندنگە ماوەی (30) ڕۆژ زیاتر دەوام نەکات بە وازلێهێنراو دادەنرێت لە خوێندنگە، بەڵام ئەو ساڵەی بە کەوتن بۆ هەژمار ناکرێت و لە تۆمارەکانی خوێندنگەدا ئاماژەی پێ دەکرێت.**

**سێیەم //  ئەو خوێندکارانەی تەمەنی (21) ساڵیان تێپەڕ کردووە، یا لە 12/31 دا ئەو تەمەنە تێپەر دەکەن، لە پۆلی دەیەمی خوێندنگەکانی ڕۆژ وەرناگیرێن.**

**چوارەم //  هەر خوێندکارێك تەمەنی لە(24)ساڵ تێپەڕی کرد مافی دەوامکردنی نامێنێت لە ئامادەییەکانی ڕۆژدا.**

**پێنجەم //  گواستنەوەی خوێندکاران لە ناو هەرێمی کوردستان بە پێی ڕێنماییەکان دەبێت.**

**شەشەم //  ئەو خوێندکارانەی لە دەرەوەی وڵاتەوە دەگەڕێنەوە هەرێمی کوردستان پاش**

**هەڵسەنگاندنی بڕوانامەکانیان و بەرابەرکردنی لە لایەن لیژنەیەکی تایبەتی وەزارەتی پەروەردەوە ئینجا لە خوێندنگەکاندا وەردەگیرێن.**

**حەوتەم // دەکرێ خوێندکاران لە پۆلی (10) خۆیان بۆ بەشێك یا لقێکی دیکە بگوێزنەوە، بەلام ئەم کارە دەبێ بە ڕەزامەندی ئەنجوومەنی مامۆستایان بێت و بەر لە 10/15 پەسەند بکرێت.**

**هەشتەم // ئەو خوێندکارانەی وەك لە خاڵی سێیەمی ئەم بەندەدا ئاماژەی بۆ کراوە، تەمەنی یاساییان بەسەر چووە دەبێت لە خوێندنگەکانی ئێوارانـدا (ئەگەر هەبن) درێژە بە خوێندن بدەن یان بەشێوەی دەرەکی تاقیکردنەوەکان ئەنجام بدەن.**

**بەندی 15**

**یەکەم // دەستەی کارگێڕی بەرپرسن لە پەیوەندیکردن بە خوێندنگە نزیکەکانەوە بۆ خەملاندنی ژمارەی ئەو خوێندکارانەی خوێندنی بنەڕەتی تەواو دەکەن و لە خوێندنگەکەیان دەست بە خوێندن دەکەن. بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە بە مەبەستی دابینکردنی پێداویستیەکان لەو ژمارە خەملێندراوە ئاگادار دەکرێتەوە.**

**دووەم // کارگێڕی خوێندنگە لە 7/1 تا 9/15 دەست دەکات بە ڕێکخستنی کاروباری تۆمارکردنی ناوی ئەو خوێندکارانەی بڕیار وایە لە پۆلی (10) دەست بە خوێندن بکەن.**

# دەروازەی سێ

# کاتی خوێندن و پشووەکان

**بەندی 16**

**یەکەم // ساڵی خوێندن بۆ خوێندکاران بریتییە لە 9 مانگ و لە سەرەتای هەفتەی سێیەمی مانگی ئەیلولی (سێبتەمبەر) هەموو ساڵێکدا دەست پێدەکات. هەر کات خوێندنگەکان لەبەر هەر هۆیەك نەیانتوانی لەو ماوەیەدا دەست پێبکەن ئەوە دەبێ لە کاتێکی دیکەدا قەرەبووی ئەو ڕۆژانە بکەنەوە کە خوێندکاران لە دەستیان چووە بۆ ئەوەی بتوانن ماوەی یاسایی خۆیان پڕبکەنەوە تاکو پڕۆگرامی خوێندنی تێدا تەواو بکرێت.**

**دووەم // دەستەی مامۆستایان لە 9/1 ی هەموو ساڵێکدا بە مەبەستی پلان دارِشتنی پڕۆسەی فێرکاری و پەروەردەیی و سەرجەم چالاکی و کارەکانی دیکەی خوێندنگە دەست بە کارەکانی خۆی دەکات.**

**سێیەم // سەرجەم خوێندنگە ئامادەییەکان لەم کاتانەدا پشوویان دەبێت:**

**ئ. پشووی وەرزی یەکەم :25 /12 تا 1/2.**

**ب. پشووی وەرزی دووەم : 11 /3 تا 24 /3.**

**پ. پشووی هاوین بۆ خوێندکاران : لە دوای کۆتایی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵەوە تا 9/14 ی هەمان ساڵ درێژەی دەبێت. ئەو خوێندکارانەی بەشداری تاقیکردنەوەکانی خولی دووەم دەکەن لە ماوەی تاقیکردنەوەکاندا پشوویان نابێت.**

**ت. ڕۆژانی پشووی فەرمی.**

**چوارەم // پشووی هاوین بۆ مامۆستایان 7/1 تا 31 / 8 درێژەی دەبێت بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی تاقیکردنەوە گشتییەکان.**

**پێنجەم // کاتی دەوامی دەستەی کارگێڕی خوێندنگە و فەرمانبەر و کارگوزار و کرێکارەکانی بە پێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە ڕێك دەخرێن.**

**شەشەم // دەوامی ڕۆژانە لە خوێندنگە ئامادەییەکاندا بە تەواوییە،کە ڕەچاوی بەدیهێنانی پلانی خوێندنی تێدا دەکرێ.**

**بەندی 17**

**یەکەم // دەستەی مامۆستایان کار بۆ ئەوە دەکات هەموو خوێندکاران بە بەردەوامی لە**

خوێندنگە ئامادەبن و خوێندنی ئامادەیی تەواو بکەن. لە کاتی دابڕانیشیاندا ئەم دەستەیە لەگەڵ خودی خوێندکاران و دایبابەکانیشدا دانیشتن و گفتوگۆ ساز دەکەن بە مەبەستی ئەوەی خوێندکاران لە پڕۆسەی خوێندن دوا نەکەون. لەم بوارەشدا تەواوی یاسا و ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە سەبارەت بە خوێندنی ئامادەیی ڕەچاو دەکرێن.

دووەم// لە کاتی دابڕانی خوێندکاراندا ( بەبێ هۆکاری شیاو ) دەستەی ناوبراو ئەم ڕێوشوێنانە دەگرێتە بەر:

ئـ. ئاگادارکردنەوەی دایبابەکان ئەگەر دابڕانی خوێندکار یەك هەفتەی خایاند.

ب. بانگکردنی دایبابەکان بۆ خوێندنگە ئەگەر دابڕانی خوێندکار دوو هەفتەی خایاند.

## دەروازەی چوار
## دەستەی فێرکاری

**بەندی 18**

**دەستەی ماموستایان کار بۆ ڕاپەڕاندنی پرۆسەی فێرکاری و پەروەردەیی دەکات کە لەم سیستەمەدا ئاماژەیان بۆ کراوە. هەروەها کار بۆ راپەڕاندنی هەموو ئەو ئەرکانە دەکات کە لە لایەن ئەنجوومەنی ماموستایانەوە پێی راسپێردراوە. بۆ راپەڕاندنی ئەم کارانەش لەگەڵ سەرپەرشتیارانی پسپۆڕی و پەروەردەییدا هاوکار دەبێت، جا چ لە کاتی سەردانی خوێندنگەکاندا بێت یا لە کاتی کۆڕ و کۆبوونەوە و خولەکاندا بێت. بە هەمان شێوەش سود لە سەرجەم ئەو بەرنامە و رێنمایی و خولانەش دەبینێت کە وەزارەتی پەروەردە بۆ راهێنانی ماموستایان سازیان دەکات.**

**بەندی 19**

**دەستەی ماموستایان کار دەکات بۆ نیشاندانی گیانی هاوکاری و هاوتەبایی و دڵفراوانی و رێزگرتنی بەرامبەر چ لە نێوان ئەندامانی خۆیاندا و چ لەگەڵ خوێندکاران و دایبابەکانیشدا بەو شێوەیەی کە سەرەتاکانی کاری فێرکاری و پەروەردەیی بە پێویستی دەزانن. بەشداریکردنی چالاکانەی ئەوان لە یەکێتیی ماموستایاندا دەبێتە هۆی پتەوکردنی کاری یەکێتیەکە و گەشەسەندنی پرۆسەی فێرکاری و پەروەردەیی.**

**بەندی 20**

**هەموو ماموستایەك دەبێ پلانێکی ساڵانە بۆ هەر وانەیەك دابڕێژێت کە دەیڵێتەوە. لەو پلانانەدا دەبێ بە شێوەیەکی ورد ئاماژە بۆ بابەتەکان و شێوازەکانی پیادەکردن و هەڵسەنگاندن و چالاکییە پەیوەستەکانی دیکە بکات و بەر لە دەستپێکردنی خوێندن پێشکەش بە بەڕێوەبەر بکرێت.**

**بەندی 21**

**لە سەر هەموو ماموستایەك پێویستە بە شێوەیەکی باش خۆی بۆ وانە وتنەوە ئامادە بکات و زۆرترین هۆیەکانی فێرکردن بەکار بهێنێت و پلانێك بۆ شێوازەکانی هەڵسەنگاندنی کاری خوێندکاران دابڕێژێت. لە هەموو ئەم پرۆسەیەشدا ماموستا دەبێ لە بەرژەوەندی خوێندکارەوە بڕوانێتە شتەکان و بەو شێوەیە وانەکانی خۆی بڵێتەوە کە گەورەترین بەهای بۆ خوێندکارەکانی**

تێدابێت.

بەندی 22

لە سەر هەموو مامۆستایەك پێویستە كار بۆ ئەوە بكات كە ئامادەبوون لە خوێندنگە و پۆلەكاندا بە باشی بەڕێوە بچێت و هەرگیز پۆل و خوێندنگە لە بەر كاری تایبەتی خۆی بەجێ نەهێڵێت. هەروەها دەبێ بەشداری لە سەرجەم ئەو چالاكییانەشدا بكات كە لە دەرەوەی پۆل ئەنجام دەدرێن بۆ نموونە كۆبوونەوەی ئەنجوومەنی مامۆستایان و ئەنجوومەنی مامۆستایان و داییابەكان.

بەندی 23

ئەركی هەموو مامۆستا و بەڕێوەبەر و یاریدەدەری بەڕێوەبەرەكانە كە بەشداری لە خولەكانی وەزارەتی پەروەردە و دەزگا فێركاری و پەروەردەییەكانی دیكەدا بكەن لە پێناوی پەرەپێدان و تۆكمەتركردنی تواناكانیان بۆ ئەوەی بە شێوەیەكی باشتر بتوانن كارەكانی خۆیان ئەنجام بدەن و شارەزای شێواز و پرۆگرامە زانستییە نوێكانیش بن.

بەندی 24

یەكەم // بەڕێوەبەری خوێندنگە هەفتانە دەبێت 5 بەشە وانەو یاریدەدەری بەڕێوەبەریش هەفتانە 10 بەشە وانە بڵێتەوە.

دووەم // هەموو مامۆستایەكی هەڵگری بڕوانامەی بەكالۆریۆس هەفتانە 22 بەشە وانە و ماجستێر 14 بەشەوانە و دكتۆرا 10 بەشەوانەی دەبێت. ئەگەر مامۆستا لە خوێندنگەكەی خۆیدا لەو ژمارەیە كەمتری هەبوو ئەوە بۆ پڕكردنەوەی ئەو بەشە وانانە دەبێ لە خوێندنگەیەكی نزیك بەشە وانەكەی تەواو بكات یان بابەتی نزیك لە پسپۆڕیەكەی خۆی بڵێتەوە.

سێیەم // لە كاتی ئامادە نەبوونی مامۆستایەكی دیاریكراو بەڕێوەبەری خوێندنگە بۆی هەیە یەكێك لە مامۆستاكانی دیكە یا یاریدەدەرەكانی خۆی بۆ پڕكردنەوەی وانەكان لە بڕی ئەو مامۆستایە راسپێرێت. هەر كات ئەو مامۆستایە زیاتر لە هەفتەیەك لە خوێندنگە ئامادە نەبوو ئەوە دەبێت مامۆستایەكی دیكەی پسپۆڕ شوێنی بگرێتەوە.

چوارەم // هەر مامۆستایەك تەمەنی بگاتە 50 ساڵ دوو ( 2 ) بەشە وانەی كەم دەبێتەوە.

پێنجەم // هەر مامۆستایەك زیاتر لە بەشە وانەكانی خۆی بڵێتەوە، بە وانەبێژی (المحاضرە) بۆی هەژمار دەكرێت و بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەش بە پێی ڕێنمایی كرێی ئەم بەشە وانە

**زیادانەی بۆ خەرج دەكات.**

**بەندی 25**

**یەكەم // بۆ هەر خوێندنگەیەكی ئامادەیی كە ژمارەی خوێندكارەكانی بگاتە 150 خوێندكار یەك یاریدەدەری بەڕێوەبەری بۆ دادەمەزرێت. بۆ زیادبوونی هەر 200 خوێندكاری دیكەش لە سەر 150 یەكە یاریدەدەریكی دیكە دادەمەزرێت،ئەگەر خوێندنگەكە دوو دەوام بێت لە سەر خۆی و ژمارەی خوێندكارانیشی زیاتر لە 600 خوێندكار بێت ئەو كاتە یاریدەدەری چوارەمی بۆ دادەمەزرێت، لە چوار یاریدەدەر زیاتر بۆ هیچ خوێندنگایەك دانامەزرێت مەگەر سێ دەوام بێت لەسەر خۆی و ژمارەی خوێندكارانی زیاتر لە ( 1000 ) خوێندكار بێت.**

**دووەم // دەبێ یاریدەدەری بەڕێوەبەر لە جێبەجێكردنی كارە كارگێڕییەكانی خوێندنگەدا هاوكاری بەڕێوەبەر بكات و بە شێوەیەكی گشتی لەگەڵ بەڕێوەبەردا بەرپرسیارە بەرامبەر بەو كارانەی پێی سپێردراون.**

**سێیەم // بە پێی پێویست هەندێ فەرمانبەر و پاسەوان و كارگوزار بۆ هەر خوێندنگەیەكی ئامادەیی دادەمەزرێن بە مەرجێك ژمارەیان لەگەڵ رێژەی خوێندكاران و ئەندامانی دەستەی مامۆستایان گونجاو بێت. كار و ئەركەكانی ئەو كەسانەش بە پێی رێنمایی تایبەت دیاری دەكرێن.**

**چوارەم // بەڕێوەبەری خوێندنگە دەبێ لەم كاتانەی خوارەوە یاریدەدەرەكەی یا یەكێك لە مامۆستاكان ( ئەگەر یاریدەدەری نەبوو ) لە شوێنی خۆی دابنێت:**

**ئـ. لە كاتی پشووی هاوین و كاتی نەخۆشی یان مۆڵەتی تایبەت.**

**ب. ئەگەر بیەوێت لە كاتی دەوامی ئاساییدا خوێندنگە بە كارێكی فەرمی بەجێ بهێڵێت. ئەم كارە دەبێ لە تۆمارێكی تایبەتدا تۆمار بكرێت.**

**بەندی 26**

**بەڕێوەبەری خوێندنگە بەرپرسە بەرامبەر بە رێكخستن و را پەڕاندنی كارەكانی خوێندنگە كە بە پێی ئەم سیستەمە و رێسا و رێنماییەكانی دیكەی وەزارەتی پەروەردە رێك دەخرێن. بە هەمان شێوە بەڕێوەبەر بەرپرسە بەرامبەر هەموو رێسا و رێنماییەكانی وەزارەتی پەروەردە كە بە تەواوی بەلایەنە پەیوەندارەكان رابگەیەنێت و سەرپەرشتی را پەڕاندنیان بكات و كاریان پێبكات. لەم پێناوەشدا بەڕێوەبەر دەبێ ئەم كارانە ئە نجام بدات:**

**یەكەم // رێكخستنی دەوام**

بەڕێوەبەر نموونەی کەسێکی دڵسۆزە بۆ کارەکەی، بۆیە دەبێ لە کاتی دەوامی فەرمیدا هەمیشە لە سەر کار ئامادە بێت. هەروەها دەبێ چاودێری دەوامی مامۆستایان و خوێندکاران و کارمەندان و کارگوزارەکانی دیکەی ناو خوێندنگەش بکات و لە هۆکارەکانی ئامادە نەبوونیان بکۆڵێتەوە و بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە لە ئامادە نەبوونیان ئاگادار بکاتەوە.

دووەم // سەرپەرشتیکردنی خوێندنگە

بەڕێوەبەر دەبێ چاودێری پاك و خاوێنی خوێندنگە بکات و ئاگاداری هەموو بەشەکان و پۆلەکان و ئەو شتانە بێت کە لە خوێندنگەدا هەیە. بە هەمان شێوە دەبێ لایەنە بەرپرسەکان لە شوێنە خراپ و داڕماوەکان ئاگادار بکاتەوە و هەوڵ بۆ نۆژەنکردنەوەیان بدات. بە هەمان شێوە دەبێ زانیاری تەواوی لە سەر هەموو لایەنەکانی خوێندنگە کە هەبێت و ساڵانە راپۆرتێك لەو بارەیەوە ئامادە بکات.

سێیەم // سەرپەرشتیکردنی دەستەی مامۆستایان

ئـ. لە پێناو گەشەسەندنی پرۆسەی فێرکاری و پەروەردەیی بەڕێوەبەر دەبێ یارمەتی مامۆستایان بدات.

ب. بەڕێوەبەر دەبێ بەشە وانەکان و پۆلەکان بە پێی توانا و لێهاتوویی و پسپۆڕی بە سەر مامۆستایاندا دابەش بکات بە مەرجێك رەچاوی بەرژەوەندی خوێندنگە و خوێندکاران بکات. دەبێ ئەم کارە لە هەفتەی یەکەمی مانگی ئەیلولدا ( سێپتەمبەر ) ئە نجام بدرێت.

پ. بەڕێوەبەر دەبێ خشتەی وانەکان و خشتەی دابەشکردنی بەشە وانەکان بە سەر مامۆستایان دابەش بکات و وێنەیەکی بۆ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە رەوانە بکات. بە هەمان شێوە بەڕێوەبەر دەبێ هەموو جۆرە بەرنامە و خشتەیەکی دیکە ئامادە بکات کە خوێندنگە پێویستی پێیەتی یا بڕیار و رێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە و بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە بە پێویستی دەزانن کە هەبێت.

ت. بەڕێوەبەر دەبێ سەرپەرشتی دانانی خشتەی وانەکان و خشتەی ناوی خوێندکاران بکات.

ج. بەڕێوەبەردەبێ چاودێری پیادەکردنی پرۆگرامەکان و کارکردن بە بڕیار و رێنماییەکان بکات.

چ. بەڕێوەبەر دەبێ سەردانی مامۆستایان لە پۆلەکان بکات و لە پلانەکانی خوێندن ئاگادار بێت.

ح. بەڕێوەبەر دەبێ هاوکاری سەرپەرشتیارە پەروەردەییە پسپۆڕەکان بکات و ئاماری تایبەت بە خوێندنگە و دەستەی مامۆستایان بخاتە بەردەستیان.

چوارەم // سەرپەرشتیکردنی تاقیکردنەوەکان

ئـ. دەبێ بەڕێوەبەر سەرۆکایەتی لیژنەی تاقیکردنەوەکان بکات و سەرپەرشتی راپەڕاندنی سەرجەم تاقیکردنەوەکان بکات .
ب. دەبێ بەڕێوەبەر چاودێری شێوازەکانی هەڵسەنگاندنی خوێندکاران لە لایەن ماموستایانەوە بکات و هەوڵ بۆ باشترکردنی ئەو شێوازانە بدات.
پ. دەبێ بەڕێوەبەر بەر لە ماوەیەك سەرجەم ماموستایان و خوێندکاران لە کاتی دەستپێکردنی تاقیکردنەوەکانی وەرزی و هەردوو خولی کۆتایی ساڵ ئاگادار بکاتەوە.
ت. دەبێ بەڕێوەبەر نمرەی وەرزی و کۆششی سالأنە (معدل السعی السنوی) و ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ (بە هەردوو خولەکەیەوە) لە کاتی خۆیدا رابگەیەنێت و خوێندکاران و دایبابەکانیش بە شێوەی نووسراو لەو ئەنجامانە ئاگادار بکاتەوە لەگەڵ ڕەچاوکردنی بەندی ( 26 ) ی ئەم سیستەمە.
پێنجەم // راپۆرتەکان
بەڕێوەبەر دەبێ لە کۆتایی ساڵدا ئەم راپۆرتانەی خوارەوە رەوانەی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە بکات.
ئـ. راپۆرتێکی گشتگیر لە بارەی خوێندنگە: کە تیایدا ئاماژە بە سەرجەم چالاکییەکان و گەشەسەندنەکان و ئەنجامی تاقیکردنەوەکان و هەڵسەنگاندنەکان و سەرجەم پێداویستییەکانی ساڵی داهاتوو بکرێت.
ب. راپۆرتێکی تایبەت بە هەر ماموستایەك: کە تیایدا زانیاری تەواو لە سەر کار و چالاکی ئەو ماموستایە نووسرا بێت. بە هەمان شێوە دەبێ پەیوەندی ئەو ماموستایە بە خوێندکاران و دەوروبەر و رادەی بەشداری ئەو ماموستایە لە گەشەسەندنی پرۆسەی فێرکاری و پەروەردەیی و رادەی هاوکاری لەگەڵ دەستەی ماموستایان بە روونی نووسرا بێت.
پ. راپۆرتێك لە سەر بینای خوێندنگە کە دەبێ سەرجەم ئەو لایەنانەی تێدا بێت کە لە خاڵی دووەمی ئەم بەندەدا ئاماژەیان بۆ کراوە.
ت. ڕاپۆرتێکی تایبەت بە هەڵسەنگاندنی خوێندکاران.
شەشەم // نوسراوە ئاڵوگۆڕکراوەکان:
بەڕێوەبەر دەبێ سەرپەرشتی ئەرشیفکردنی سەرجەم نوسراوە فەرمییەکان و بەڵگە نامەکان و نووسراوەکانی دیکە بکات و لە دۆسیەی تایبەتدا بیانپارێزێت.
حەوتەم // تۆمارەکانی خوێندنگە
ئـ. بەڕێوەبەر دەبێ سەرپەرشتی هەموو دۆسیە و تۆمارەکان (سجلات) ی خوێندنگە بکات و چاودێری ئەوە بکات کە بەشێوەیەکی دروست پڕبکرێنەوە، چونکە ئەو بەرامبەر بە

ناوەرۆکەکانیان بەر پرسیارە. ئەم تۆمارانە بریتین لەمانەی خوارەوە:

1. تۆماری بەدواداچوونی ئاستی زانستی خوێندکاران
2. تۆماری سەردانی سەرپەرشتیارە پەروەردەییە پسپۆڕەکان
3. تۆماری تایبەت بە بینای خوێندنگە
4. تۆماری گشتی تایبەت بە ناو نووسکردنی خوێندکاران (سجل قيد العام)
5. تۆماری نمرەی خوێندنگەیی
6. تۆماری تایبەت بە پەڕتووکە پڕۆگرامییەکان
7. تۆماری نمرەی تاقیکردنەوەکان
8. تۆماری تایبەت بە زانیاری مامۆستایان
9. تۆماری دەوامی رۆژانەی خوێندکاران
10. تۆماری کۆبوونەوەی ئەنجومەنی مامۆستایان و داییابەکان
11. تۆماری بڕیارەکانی ئەنجوومەنی مامۆستایان
12. تۆماری بڕیارەکانی لیژنەی رێنمایی ئاراستەکردن وڕێککاری (التوجيه والانچباگ)
13. تۆماری فرۆشگەی خوێندنگە
14. تۆماری پەڕتووکەکانی پەڕتووکخانە
15. تۆماری دەرچوو و هاتوو
16. تۆماری کەلوپەلی خوێندنگە
17. تۆماری تاقیگەکانی خوێندنگە
18. تۆماری کەرەستە وەرزشیەکان (ا- ب)
19. تۆماری کەرەستە هونەرییەکان
20. تۆماری ئامارە فێرکاری و پەروەردەییەکانی خوێندنگە

21-تۆماری سەردانی بەڕێوەبەر بۆ مامۆستایان لە پۆلەکان

22-تۆماری سەردانی بەرپرسان

23-تۆماری تایبەت بە زانیاری کارمەندان

24-تۆماری دەرچوو و هاتووی بروانامەکان

25- تۆماری بڕیارەکانی لیژنەی دژی توندوتیژی و سەرکوتکردنی خوێندکاران

ب. دەستەی کارگێڕی دەبێ سەرپەرشتی سەرجەم تۆمارەکانی دیکەش بکات کە وەزارەتی پەروەردە ئەرکی ئامادەکردن یا سەرپەرشتیکردنی دەخاتە ئەستۆیان.

پ. بەڕێوەبەر بە تەنها سەرپەرشتی تۆماری (1-4) دەکات. بەلاّم بۆی هەیە یەکێک لە

یاریدەدەرەکانی بکاتە سەرپەرشتیاری تۆماری (5-13). هەروەها بەڕێوەبەر بۆی هەیە بە پێی ئەو ڕێنماییانەی سەرەتای ساڵ دەردەچن، تۆمارەکانی دیکە بە سەر یاریدەدەرەکانی دیکە و فەرمانبەرەکانی خوێندنگەدا دابەش بکات.

ت. هەموو ئەو تۆمارانەی سەرەوە بە پێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە ڕێکدەخرێن.

ج. بە پێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە بەڕێوەبەری کۆن ئەو تۆمارانە دەداتە دەست بەڕێوەبەری نوێ.

چ. بەڕێوەبەری خوێندنگە بەرپرسە لە هەڵگرتن و پاراستنی (مۆر) ی خوێندنگە.

بەندی 27

یەکەم // ئەنجوومەنی مامۆستایان مانگی دووجار لە سەر داوای بەڕێوەبەری خوێندنگە کۆدەبێتەوە. ئەم کۆبوونەوانە دوای دەوامی خوێندکاران دەبەسترێت. لەم کۆبوونەوانەدا پرسە فێرکاری و پەروەردەیی و کارگێڕی و کۆمەڵایەتییەکان باس دەکرێن کە ئەم سیستەمە بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی پرۆسەی فێرکاری و پەروەردەیی بۆ دەستەی مامۆستایان و کارگێڕی و مامۆستاکانی دیاری کردووە. ئەنجوومەنی مامۆستایان بە مەبەستی راپەڕاندنی کارەکان بۆی هەیە چەند لیژنەیەکی تایبەت لە ئەندامەکانی خۆی پێك بهێنێت. دەکرێ لەم کۆبوونەوانەدا سەرپەرشتیارەکانیش بەشداری بکەن. دەبێ سەرجەم بڕیارەکانی ئەم ئەنجوومەنە تۆمار و دۆکیۆمێنت بکرێن.

دووەم // کاری ئەنجوومەنی مامۆستایان بریتی دەبێت لەو بەرنامانەی ئەندامانی دەستەی مامۆستایان بە کۆ یا بە تاك چ لە ناو خوێندنگەکان و چ لە دەرەوەی خوێندنگەکانیش پیادەی دەکەن. بەشێك لەو کارانە بریتی دەبێت لە ئەستۆگرتنی کارە کارگێڕییەکان و هەماهەنگی کردن لەگەڵ خوێندنگە ئامادەییەکانی نزیك خۆیان بە مەبەستی ڕێکخستنی خولی وانە وتنەوە و کۆڕ و سیمینار و ئامادەکردنی پرۆژەی فێرکاری و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و هەروەها جۆرەها یاری و چالاکی وەرزشی و ئەدەبی و هونەری.

سێیەم // وێنەیەك لە بڕیار نامەی ئەنجوومەنی مامۆستایان و پرۆگرامی چالاکییە فێرکاری و پەروەردەییەکان مانگانە بۆ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە و بەڕێوەبەرایەتی سەرپەرشتیکردن دەنێردرێت.

# دەروازەی پێنج
# چالاكی فێركاری و پەروەردەیی

**بەندی 28**

**دەستەی مامۆستایان بە شێوەیەكی گشتی دەست بە شرۆڤەكردنی پرۆگرامەكان دەكات و هەر ئەندامێك یا كۆمەڵە ئەندامێكیشیان بە شێوەیەكی تایبەت شرۆڤەی ئەوبەشە پرۆگرامە دەكەن كە پێیان سپێردراوە و لە فۆرم و ناوەرۆك و شێوازی بەكارهێنانی ئەو پرۆگرامانە دەكۆڵنەوە. ئەندامانی دەستەی مامۆستایان بەسەر چەند تیمێكی كاركردندا دابەش دەكرێن بۆ ئەوەی بە شێوەیەكی قوڵتر ڕەهەندە جیاوازەكانی ئەو پرۆگرامانە بخەنە ژێر پرسیارەوە و پێشنیاری خۆیان بەرز بكەنەوە. لەم بوارەدا دەبێ ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بكرێن:**

**یەكەم // ڕەچاوكردنی تەمەن و تایبە تمەندێتیەكانی خوێندكاران و یارمەتیدانیان بۆ ئەوەی بتوانن كەسایەتیەكی سەقامگیر بۆ خۆیان دروست بكەن و جیاوازییەكانی نێوان خۆیان بە شێوەیەكی ئەرێنی تەماشا بكەن.**

**دووەم // گرنگیدان بە بنەما و چەمكە سەرەكییەكانی ناو پرۆگرامەكان و ئاوێتەكردنیان بە بنەما مرۆڤایەتییەكان و كاركردن بۆ بەرجەستەكردنیان لە لای خۆێندكاران بە مەبەستی ئەوەی لە ژیانی ڕۆژانەیاندا ڕەنگ بدەنەوە. بە هەمان شێوە دەبێ هانی خوێندكاران بدرێ بۆ ئەوەی بە تواناكانی خۆیانەوە و لە گۆشەنیگای جیاوازەوە ئەو چەمكانە بخەنە ژێر پرسیارەوە.**

**سێیەم // دەبێ خوێندكاران بە شێوەیەكی تیۆری و پراكتیكی ئەوەیان لە لا ڕوون بێت كە كاركردن یەكێكە لە بنەما هەرە سەرەكییەكانی ژیان.**

**چوارەم // زمانی كوردی و زمانی نەتەوەكانی دیكەی پێكهاتەی كوردستان زمانی ئاخاوتن و بیركردنەوە و دەربڕینە لە خوێندنگەكاندا. بۆیە دەبێ لە پرۆگرامەكان، ئاخاوتنەكان و وانەكاندا زمانێكی زۆر پاراو بەكار بێت. ئەم مەرجانە ئەو وانانە ناگرێتەوە كە بەزمانی بیانی دەوترێنەوە.**

**پێنجەم // راهێنانی خوێندكاران لە سەر شێواز و پرۆگرامە زانستییەكانی نووسین و لێكۆڵینەوە.**

**شەشەم // دەستەی مامۆستایان دەبێ ئاگاداری پەرەسەندن و داهێنان و نووسینە نوێكان بێت و هەوڵ بۆ ئاشنابوونی خوێندكاران بە زانست و تەكنیكی نوێ بدات.**

**حەوتەم // گرنگیدان بە ژینگە پاریزی و پەروەردەی وەرزشی و پەروەردەی هونەری و ئەدەبی جۆرا و جۆر و هاندانی خوێندكاران بۆ ئەوەی ببنە خاوەن رەوشتی موڕاڵ ئامێز.**
**هەشتەم // كاركردن بۆ بلاۆكردنەوە و شرۆڤەكردن و بەرجەستەكردنی ڕەهەندە ئەرێنییەكانی هاوكاری و فرەڕەهەندی و لە خۆبوردەیی و خۆشەویستی و كاری هاوبەش لە لای خوێندكاران.**
**نۆیەم// بەرجەستەكردنی گیانی نیشتیمانپەروەری و داكۆكیكردن لە خاكی كوردستان و كاركردن بۆ بەرز ڕاگرتنی سیما نەتەوەیی و مرۆییەكان. بە هەمان شێوە بەستنەوەی ئەم سیما و هەستە لە ڕێگای گۆشەنیگایەكی مرۆڤانە بە بەرهەمی هەموو مرۆڤایەتیەوە.**
**بەندی 29**
**خوێندكاران بە پێی ئاستەكانی خۆیان لە پۆلی جیاوازدا دادەنرێن و لەم بوارەشدا دەبێ ڕەچاوی ئاستە جیاوازەكان بكرێت و یارمەتی ئەو خوێندكارانە بدرێت كە لە تێگەیشتنی زانستەكاندا پێویستیان بە یارمەتی زیاتر هەیە چونكە مامۆستا گەورەترین كاریگەری بە سەر زوو تێگەیشتنی خوێندكارانەوە هەیە.**
**بەندی 30**
**دەستەی مامۆستایان گرنگی بە شێوازەكانی وانە وتنەوە و ئامرازە فێركارییەكان دەدات و هەوڵ دەدات لەگەڵ ئاستی گروپە جیاوازەكان و ناوەرۆكی پرۆگرامەكاندا بیانگونجێنێت. لەم بوارەدا ئەوان دەبێ ڕەچاوی ئەم خالانەی خوارەوە بكەن:**
**یەكەم // دەستەی مامۆستایان كار بۆ پێداچوونەوە و تازەكردنەوەی شێوازەكانی وانە وتنەوە دەكات بۆ ئەوەی لە لایەك خوێندكاران لە شێوازی كلاسیكیانەی لەبەر كردن دوور رابگرێت و لە لایەكی دیكەشەوە ئەو شێوازانەی بەكاری دێنێت لەگەڵ ئاستی خوێندكاران و هەلومەرجە فێركاری و پەروەردەییە نوێكان و زانستی (وانەوتنەوە )ی جیهانی پێشكەوتوودا بگونجێنێت.**
**دووەم // دەستەی مامۆستایان كار بۆ رەخساندن و پەیداكردنی كەرەستەكانی فێركاری لە هەموو لایەكەوە دەكات. هەروەها كار بۆ ئەوە دەكات ئەگەر بلوێ بەشێكی ئەو كەرەستە و ئامرازانە بە هاوكاری خوێندكاران دروست بكات.**
**سێیەم // دەستەی مامۆستایان كار بۆ ئامادەكردنی پەڕتووكە پرۆگرامییەكان و سەرجەم پەڕتووك و سەرچاوەكانی دیكە دەكات كە وەزارەتی پەروەردە وەكو پەڕتووكی هاوكار دەستنیشانی كردوون و بۆ بزواندن و گەشەسەندنی حەزی خوێندنەوە لە لای خوێندكاران پێویستن.**
**چوارەم // دەستەی مامۆستایان كار دەكات بۆ ئەوەی خوێندكاران فێری بەرهەمهێنانەوەی زانست و خوێندنەوەی رەخنەگرانەی دەقەكان بن. هەروەها كار دەكات بۆ ئەوەی خوێندكاران لە ڕێگەی**

**لێکۆڵینەوە و دیالۆگ و تاقیکردنەوەوە ئاشنای بەرهەمهێنانەوەی پێوەرەکانی کۆمەڵگە بکەن.**

**پێنجەم // دەبێ ماموستایان لە کاتی وانە وتنەوەدا زیاتر لە شێوازێك هەڵبژێرن بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە زانستەکان بەرجەستە بکەن و خوێندکاران فێری شرۆڤەکردن و لێکۆڵینەوە و دیالۆگ بکەن.**

**شەشەم // لەگەڵ ئەوەشدا کە خوێندنگە بەرپرسی سەرەکییە لە پرۆسەی فێرکاری، بەلام دەستەی ماموستایان گرنگی بە ئەرکەکانی ماڵەوە دەدات وەکو تەواوکەری ئەرکەکانی خوێندنگە تەماشای دەکات.**

**بەندی** 31

**هەوڵ دەدرێت بۆ ئەوەی هەر خوێندنگەیەکی ئامادەیی یا چەند خوێندنگەیەکی نزیك لەیەکەوە پەرتووکخانەیەکی تایبەتییان هەبێت کە دەبێ لایەنی کەم پێداویستییەکانی ماموستایان و خوێندکاران لە پەرتووك و بەڵگەنامە و نووسراوەکانی دیکە دابین بکات. وەزارەتی پەروەردە و بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە بەرپرسن لە دابینکردنی پەرتووك بۆ ئەو پەرتووکخانانە.**

**بەندی** 32

**هەوڵ دەدرێت بۆ ئەوەی هەموو خوێندنگەیەکی ئامادەیی خاوەنی تاقیگەی زانستی و هۆڵی هونەری و گۆرەپانی وەرزشی و یەکەی کۆمپیوتەری خۆی بێت. دەستەی ماموستایان هەوڵ دەدات لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان بۆ ئەوەی کەرەستەی تەواو بۆ ئەو شوێنانە دابین بکات.**

## دەروازەی شەش

## چالاکی کۆمەڵایەتی

**بەندی 33**

**دەستەی مامۆستایان بەرپرسە لە سازدانی چالاکییەکان لە ناو و لە دەرەوەی پۆلەکان و خوێندنگەکان بە مەبەستی ئەوەی خوێندکاران بتوانن بە شێوازێکی دیموکراسییانە فێری چەمکی هاوڵاتیبوون و نۆرمەکانی کۆمەڵگە ببن و بە بەردەوامی کاری لەگەڵدا بکەن.**

**بەندی34**

**چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل بەشێکی گرنگی چالاکییە فێرکاری و پەروەردەییەکانە و بریتییە لە جۆرەها چالاکی کۆمەڵایەتی و وەرزشی و فێرکاری و پەروەردەیی و سەردانی کۆمپانیا و دامەزراوە گشتی و تایبەتییەکان و سەردانی میدیاکان و سازدانی سەیران و گەشتی زانستی و پڕۆژە حکومی و تایبەتییەکان و دامەزراوە گرنگەکانی وەکو زانکۆ و پەرلەمان و وەزارەتەکان و... هتد. سەرجەم ئەمانە بە مەبەستی فراوانکردنی ئاستی زانستی و فیکری و بینینی دیاردە سروشتییەکان و پرۆسەکانی کارکردن و بەرهەمهێنان و سازدانی رای گشتی لە شوێنەکانی خۆیان و بەستنەوەی خوێندنگە بە لقەکانی دیکەی کۆمەڵگەوە ساز دەکرێن. لەم بوارانەدا دەکرێ بە پێی پێویست هەندێك لە دایبابەکانیش ئامادە بن.**

**بەندی 35**

**ئەنجوومەنی مامۆستایان ئەم لێژنە نەگۆڕانە لە سەرەتای هەموو ساڵێکدا پێکدەهێنێت :-**

**یەکەم // لێژنەکانی پەیوەست بە چالاکییە پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییەکان کە بریتین لە :**

**- لێژنەی دژی توندو تیژی و سەرکوتکردنی خوێندکاران/ بەڕێوەبەر سەرۆکی لێژنە دەبێت.**

**- لێژنەی رێککاری.**

**- لێژنەی رێنمایی فێرکاری و پەروەردەیی/ بەڕێوەبەر سەرۆکی لێژنە دەبێت.**

**- لێژنەی کاروباری ئەدەبی و هەرەوەزی و گەشت و وەرزش.**

**- لێژنەی راگەیاندن.**

**- لێژنەی فرۆشگە و خەرجییەکان .**

**- لێژنەی تاقیکردنەوەکان / بەڕێوەبەر سەرۆکی لێژنە دەبێت.**

**- لێژنەی وردبینی.**

**- لێژنەی ئەنجوومەنی مامۆستایان و دایبابەکان.**

- لیژنەی پاکوخاوێنی خوێندنگە.
- لیژنەی پەرەپێدانی خوێندنگە.
- لیژنەی چالاکی کۆمەڵایەتی و هونەری.

دووەم // لیژنە زانستی و روناکبیری.

چەند لیژنەیەکی زانستی و روناکبیری بە پێی بوارەکانی خوێندن پێکدەهێنرێن، بۆ نموونە زمان، زانستە سروشتییەکان، زانستە کۆمەڵایەتییەکان.

سێیەم // پێکهێنانی ئەم لیژنانە و بواری پسپۆرییان بە پێی رێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە دەبێت.

بەندی 36

رێکخستنی کاری هەموو رێکخراوە قوتابی و خوێندکارییەکان و دیاریکردنی ئەرك و فەرمان و شێوازەکانی کارکردنیان لە ناو خوێندنگە ئامادەییەکاندا بە پێی ئەو رێنمایی و یاسایانە دەبێت کە لەم بوارەدا دەرکراون یان دەردەکرێن. مەبەست لەم کارە هاندانی خوێندکارانە بۆ ئەوەی لە رێکخراوە مەدەنییەکاندا بەشداری بکەن و بتوانن لە رێگەی دیموکراسییەوە کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی فێرکاری و پەروەردەیی هەبێت.

بەندی 37

بەستنەوەی خوێندنگە ئامادەییەکان بە دەزگاکانی کۆمەڵگەو بەهێزکردنی ئەو پەیوەندییانە دەکەوێتە ئەستۆی دەستەی مامۆستایان کە لە رێگەی سەردانی هەموو جۆرە دامودەزگاکانی کۆمەڵگەوە، چ تایبەتی یان حکومی هەوڵ دەدات کاری ئەو دامودەزگایانە لەگەڵ پرۆگرامەکانی خوێندندا بە یەکەوە گرێ بدات.

بەندی 38

یەکەم // دەستەی مامۆستایان کار بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان دایبابەکان و خوێندنگەدا دەکات. بۆ ئەم مەبەستەش:

ئ. ئەنجوومەنی مامۆستایان و دایبابەکان دروست دەکات.

ب. لە رێگەی ئەم ئەنجوومەنەوە هەوڵ دەدات دایبابەکان بۆ خوێندنگە بانگ بکەن بۆ ئەوەی باسی ئەو کەش و هەوایە بکەن کە پەیوەندی بە رۆڵەکانیانەوە هەیە.

پ. ئەم ئەنجوومەنە کار دەکات بۆ ئەوەی هەندێك لەو دایبابانەی ئارەزویان هەیە بە پێی

پێویست لە چالاکییەکانی خوێندنگەدا بەشداری بکەن، بۆ نموونە چالاکی وەرزشی و سەیران و گەشت و هونەر.

دووەم // ئەم ئەنجوومەنە بە لایەنی کەمەوە ساڵی 2 جار کۆدەبێتەوە لە کۆتایی کۆبوونەوەکاندا راپۆرتێك بۆ ئەنجوومەنی مامۆستایان و بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە بەرز دەکاتەوە.

## دەروازەی حەوت

## ئاراستەکردن

**بەندی 39**

**خوێندکاران بەو ئاراستەیە کاریان لەگەڵ دەکرێت کە ببنە خاوەن کەسایەتییەکی سەربەخۆ کە ڕێز بۆ خۆیان و بۆ هەموو مرۆڤێکی دیکە دابنێن. لەم پڕۆسەیەدا دەبێ ڕێز لە کەسایەتی خوێندکاران بگیرێت و گرنگی بە بارودۆخی تایبەتییان بدرێت و بە هەموو توانایەکەوە کار بۆ گەشەسەندنی کۆگنەتیڤانەی ئەوان دەکرێت.**

**بەندی 40**

**دەستەی مامۆستایان کاریگەری ڕاستەوخۆیان بە سەر کەسایەتی خوێندکارانەوە هەیە، بۆیە پێویستە ئەوان لە بواری زانستەکان و یارمەتیدان و بەربەستکردنی هەراسانکردن و دڵفراوانی و پشتیوانیکردن و هاندان و دادپەروەری لە چارەسەرکردنی گرفتەکاندا و ڕێزگرتنی کات و دڵسۆزی و مامەڵەی مرۆڤدۆستانە و بێلایەنی دەستەیەکی نموونەیی بن. بە هەمان شێوە پێویستە لە بواری بەرجەستەکردنی گیانی دۆستایەتی و کاری هەرەوەزی و داواکردنی ماف و بەجێگەیاندنی ئەرك و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی و بەشداریکردن لە چارەسەرکردنی گرفتەکاندا ئەوان کەسانێکی باڵا دەست بن. دەستەی فێرکاری دەبێ خوێندکاران بەو سەرەتایانەی سەرەوە پەروەردە بکەن.**

**بەندی 41**

**دەستەی مامۆستایان کار بۆ بەرجەستەکردنی خۆشەویستی خاك و نیشتمان و بەهێزکردنی هەستی نیشتمانپەروەری و نەتەوایەتی لە لای خوێندکاران دەکات. لە هەمان کات خوێندکاران هان دەدات بۆ ئەوەی لە دیدێکی مرۆڤدۆستانە و دادپەروەرانەی مۆدێرنەوە مامەڵە لەگەڵ گرفتەکان و میللەتەکانی دیکەدا بکەن و نۆرمەکانی مرۆڤایەتی بکەنە بنەمای کارکردن.**

**بەندی 42**

**یەکەم // دەبێ خوێندکاران بەو گیانە پەروەردەبکرێن کە بە ویژدان و عەقڵی خۆیان ببنە پێوەرێکی تەندروست بۆ کارکردن لە خوێندنگە و کۆمەڵگە بۆ ئەوەی لە کاتی گرفتەکاندا بتوانن بە شێوەیەکی ژیرانە هاوکاری خوێندنگە بکەن بۆ ئەوەی گرفتەکان چارەسەر بکرێن.**

**دووەم // بە درێژایی پڕۆسەی پەروەردە و فێرکردن هەموو شێوەکانی هەراسانکردن بە جەستەیی و دەروونیشەوە قەدەغەیە. لەم بوارەدا هەموو کێشەکانی پەیوەند بە هەراسانکردنی (خوێندکار- خوێندکار) و هەروەها (خوێندکار - مامۆستا) بە پێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی**

پەروەردە چارەسەر دەکرێن. بەڕێوەبەری خوێندنگە بەرپرسە بەرامبەر بە چارەسەرکردنی ئەو کێشانە.

سێیەم // لە کاتی ڕوودانی گرفتەکاندا دەستەی مامۆستایان بەم شێوەیە هەوڵ دەدات چارەسەریان بکات.
1- راوێژکردن و تاوتوێکردنی گرفتەکان لەگەڵ خودی خوێندکاراندا بە تاك و بە کۆمەڵ.
2- بانگ کردنی دایبابەکان بۆ خوێندنگە بۆ راوێژکردن.
3- ئەگەر خوێندکار پێویستی بە راوێژکاری دەروونی هەبوو ڕەوانەی ئەو لایەنە پسپۆڕانە دەکرێت کە لە ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە ئاماژەیان بۆ کراوە.
4- ئاگادارکردنەوەی بەخێوکاری خوێندکار لە ئاکامە نەرێنییەکان.
5- دوورخستنەوەی لە خوێندنگە بۆ ماوەی 3 رۆژ زیاتر نەبێت.
6- گواستنەوە بۆ خوێندنگەیەکی دیکە لەگەڵ ناردنی راپۆرتێکی نهێنی بۆ ئاماژە بە هۆی گواستنەوەی.

چوارەم // ئ. لە کاتی گرفتە ئاساییەکاندا ئەو چارەسەرانەی لە بڕگەکانی (1-2-3) دا هاتوون پیادە دەکرێن. ئەو سێ بڕگەیە بە سزا ناژمێردرێن.
ب. لە کاتی گرفتە گەورەکان یا دووبارەبوونەوەی گرفتە ئاساییەکاندا بەڕێوەبەری خوێندنگە بۆی هەیە لە کاتی پێویستدا بڕگەکانی (4-5) پیادە بکات. لەم حاڵەتەشدا دەبێ بە نووسراو دایباب یا بەخێوکاری خوێندکار ئاگادار بکرێتەوە.
پ. لە کاتی گرفتە گەورەکان یا دووبارەبوونەوەی گرفتەکاندا ئەنجوومەنی مامۆستایان بۆی هەیە لە سەر داوای لیژنەی ئاراستەکردن بڕگەکانی (4-5-6) پیادە بکات. لەم حاڵەتەشدا دەبێ بە نووسراو دایباب یا بەخێوکاری خوێندکار ئاگادار بکرێتەوە.

پێنجەم // لیژنەی ئاراستەکردن بە سەرۆکایەتی بەڕێوەبەر یا یاریدەدەری بەڕێوەبەر و ئەندامێتی دوو مامۆستا کە ئەنجوومەنی مامۆستایان دەستنیشانیان دەکات پێکدێت و کۆبوونەوەی خۆی لەسەر داوای بەڕێوەبەری خوێندنگە یا ئەنجوومەنی مامۆستایان گرێ دەدات بۆ ئەوەی گرفتەکان تاوتوێ بکات. سەرجەم بڕیارەکانی ئەم لیژنەیە دەبێ لە تۆمارێکی تایبەتدا بنووسرێن و دۆکیۆمێنت بکرێن. رابەری پۆل و نوێنەری خوێندکاران بەشداری لە کۆبوونەوەکانی ئەم لیژنەیەدا دەکات بە بێ ئەوەی مافی دەنگدانی هەبێت.

بەندی 43

یەکەم // هەر خوێندکارێك یەکێك لەم کارانەی خوارەوە ئەنجام بدات لە لایەن ئەنجوومەنی ماموٚستایانەوە بڕیاری دەرکردنی دەدرێت و تا کوٚتایی هەمان ساڵی خوێندن بوٚی نییە بوٚ خوێندنگە بگەڕێتەوە:

ئ. هەڵگرتنی چەك و چەقوٚ و هەموو کەرەستە هاوشێوەکان لە ناو خوێندنگەدا بە موٚڵەت و بە بێ موٚڵەت.

ب. هەموو شێوە دەست درێژیکردنێك بوٚ سەر ئەندامانی دەستەی ماموٚستایان یا دەستەی کارگێڕی یا فەرمانبەر و کارگوزارەکانی دیکەی خوێندنگە کە بەدرێژایی ساڵ لە ناو یا دەرەوەی خوێندنگە ئەنجام بدرێت.

پ. تێکدانی باری ئاسایشی خوێندنگە بە شێوەی تاك یا بە کوٚمەڵ.

ت. بڵاوکردنەوەی بەد ڕەوشتی و گەندەڵی ئاکاری.

دووەم // بوٚ ئەوەی ئەو بڕیارەی لە خاڵی یەکەمی ئەم بەندەدا ئاماژەی بوٚ کراوە بە شێوەیەکی فەرمی ببێ بە بڕیار و پیادە بکرێت دەبێ ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی لە سەر بێت. ئەگەر بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە لە بەر هەر هوٚکارێك ئەو بڕیارە پەسەند نەکات ئەوە بە مەبەستی تاوتوێکردنی زیاتر دووبارە بوٚ ئەنجومەنی ماموٚستایان دەنێرێتەوە.

سێیەم // ئەگەر ئەنجوومەنی ماموٚستایان سور بێت لە سەر بڕیارەکەی خوٚی ئەوە بڕیارەکە بوٚ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە بەرز دەکاتەوە بوٚ ئەوەی بڕیاری کوٚتایی لەو بارەیەوە بدات.

چوارەم // خوێندکاری دەرکراو بوٚی هەیە ساڵی داهاتوو لە هەمان پوٚلدا دەست بە خوێندن بکاتەوە بە مەرجی ئەوەی خوێندکاری ناوبراو و دایباب یا بەخێوکارەکەی پەیمانی دووبارە نەبوونەوەی ئەو کارانە بە خوێندنگە بدەن. ئەنجوومەنی ماموٚستایان بوٚیان هەیە گواستنەوەی ئەو خوێندکارە بوٚ خوێندنگەیەکی دیکە (ئەگەر هەبێت) پێشنیار بکەن.

بەندی 44

یەکەم // هیچ خوێندکارێك بە بێ پاساوێکی ڕەوا بوٚی نییە لە خوێندنگە دابڕێت.

دووەم // لە کاتی دابڕانی خوێندکاردا دەبێ ڕەچاوی ئەمانەی خوارەوە بکرێت:

ئ. ئامادە نەبوون لە چوار وانەی جیاجیادا یەکسانە بە یەك ڕوٚژ دابڕان لە خوێندنگە.

ب. هەر خوێندکارێك زیاتر لە (25) ڕوٚژ لە خوێندنگە دابڕێت ئەوە بوٚ ئەو ساڵە بە دەرنەچوو

**دادەنرێت. لەم حاڵەتەدا بە پێی خاڵی یەکەمی بەندی ( 17 ) ی ئەم سیستەمە، دەبێ دایبابی ( بەخێوکاری ) خوێندکاری دەرنەچوو بە نووسراو لەم کارە ئاگادار بکرێتەوە.**

**پ- هەر خوێندکارێك بۆ ماوەی ( 45 ) رۆژی تەواو لە بەر هەر هۆکارێك بێت لە خوێندنگە دابڕێت، بۆی نییە بەشداری لەتاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵدا بکات.**

**بەندی 45**

**هەر خوێندکارێك بە مەبەست زیان بە کەلوپەل و شتومەکەکانی دیکەی ناو خوێندنگە بگەیەنێت سزا دەدرێت.**

# دەروازەی هەشت

# تاقیکردنەوەکان وهەڵسەنگاندن

بەندی 46

یەکەم // دەستەی مامۆستایان لە ڕێگەی چەند پرۆگرامێکی هاوچەرخەوە هەڵدەستێت بە هەڵسەنگاندنی چالاکییە فێرکاری و پەروەردەییەکان و ئاستی خوێندکاران و رادەی گەشەسەندنیان.

دووەم // چالاکی فێرکاری و پەروەردەیی بریتییە لە فۆرم و ناوەرۆك و ئامانجی پرۆگرامەکان و شێوازەکانی وانە وتنەوە و هەڵسەنگاندن و تاقیکردنەوەکان.

سێیەم // هەڵسەنگاندنی خوێندکاران لە شێوازی بیرکردنەوە و فێربوونیان دەکۆڵێتەوە و لە رادەی پێگەیشتن و توانا و لێبوردەیی ورد دەبێتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش پەنا دەبرێتە بەر هەموو شێواز و پرۆگرامێکی مۆدێرن و گونجاو. سەرپەرشتیارە پەروەردەییە پسپۆڕەکان بەشداری لەم پرۆسەیەدا دەکەن و دەوڵەمەندی دەکەن. بە هەمان شێوە دەکرێ سود لە دەزگا و مەڵبەندە پسپۆڕەکانی بواری دەروونناسی و کۆمەڵناسی ببینرێت.

بەندی 47

لە سەر بنەمای پێوەرەکانی دەرچوون، خوێندکاران لە پۆلێکەوە دەگوازرێنەوە بۆ پۆلێکی بەرزتر، دەستەی مامۆستایانیش کۆششی خۆیان دەخەنە کار لە پێناو هێنانە دی پێشکەوتنی خوێندکاران و زاڵبوون بە سەر ئاستەنگەکان کە دێنە پێش و ڕێگەیان لێدەگرن و دەبنە ئەگەری دواکەوتن و دەرنەچوونیان لەگەڵ لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکانیان.

بەندی 48

تاقیکردنەوەکانی پۆلی دەیەمی ئامادەیی بە پێی سیستەمی وەرزی دەبێت بەم شێوەیە :-

1. ساڵی خوێندن لە دوو وەرزی خوێندن پێك دێت.
2. هەر وەرزێکی خوێندن تاقیکردنەوەی نیوەی وەرزی دەبێت.
3. ئەنجامی کۆتایی ساڵانەی خوێندکار پێك دێت لە

ئەنجامی کۆتایی ساڵانە = کۆنمرەی وەرزی یەکەم + کۆنمرەی وەرزی دووەم

---

2

**بەندی 49**

**تاقیکردنەوەکانی قۆناغی ئامادەیی ( پۆلەکانی یازدەو دوازدە ) بریتین لەمانەی خوارەوە:**

**یەکەم // تاقیکردنەوەکانی ناو پۆل ( رۆژانە و مانگانە ):**

**بە مەبەستی تاقیکردنەوەی کۆششی خوێندکاران لە ماوەی ساڵی خوێندندا، مامۆستا تاقیکردنەوەکانی رۆژانە لە ماوەی وانەکاندا و لە کاتی گونجاو جێبەجێ دەکات و تاقیکردنەوەکانی مانگانەش لە کۆتایی هەموو مانگێکی خوێندندا ئەنجام دەدات بەمەرجێك لەهەر وەرزێك لەدوو تاقیکردنەوە کەمتر نەبێت.**

**دووەم // تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ:**

**ئ. ئەمیش بە دوو خول ئەنجام دەدرێت، یەکەمیان لە کۆتایی ساڵی خوێندن ودووەمیان لە کۆتایی پشووی هاوینە، ئەم تاقیکردنەوەیە تەواوی پرۆگرامی خوێندن دەگرێتەوە.کاتی ئەنجامدانی ئەم دوو تاقیکردنەوەیەش لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی تاقیکردنەوەکان دەست نیشان دەکرێن.**

**ب. وەزارەتی پەروەردە بۆی هەیە سیستەمی تاقیکردنەوەکانی ئامادەیی پۆلەکانی (یازدە و دوازدە) بە ئاراستەی سیستەمی وەرزی بەرێت.**

**سێیەم // تاقیکردنەوە گشتییەکان**

**ئ. تاقیکردنەوە گشتییەکانی قۆناغی ئامادەیی بە دوو خول ئەنجام دەدرێن بەپێی رێنماییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تاقیکردنەوەکان.**

**ب. نمرەی کۆتایی تاقیکردنەوە گشتییەکان بۆ لقەکانی زانستی و وێژەیی بەم شێوەیەی خوارەوە هەژمار دەکرێت :-**

**1. خوێندکار لە قۆناغی ئامادەیی رێژەی نمرەی 10٪ لە پۆلی دەیەم و 15٪ لە پۆلی یانزەهەم لەگەڵ خۆیدا کۆدەکاتەوە.**

**2. رێژەی 75٪ نمرەی لە بابەتەکانی تاقیکردنەوەی گشتی پۆلی دوانزەهەم وەردەگیرێت.**

**3. ئەنجامی کۆتایی قۆناغی ئامادەیی بۆ پێشبرکێکردن لە زانکۆ و پەیمانگاکاندا، کۆکراوەی رێژەی نمرەی پۆلەکانی دەیەم و یانزەهەم و دوانزەهەم دەبێت.**

**4. رێژەی وەرگیراو لە هەردوو پۆلی دەیەم و یانزەهەم لەو بابەتانە وەردەگیرێت کە هاوبەشن لەگەڵ ئەو بابەتانەی دەچنە تاقیکردنەوە گشتیەکانی لە پۆلی دوانزەهەم.**

**چوارەم // ئەنجامدانی تاقیکردنەوە گشتییەکان :-**

**ر // بەفەرمانی وەزیری پەروەردە لیژنەیەك پێك دەهێنرێت بە سەرۆکایەتی بریکاری وەزارەت کە پێی دەگوترێت (لیژنەی بەردەوامی تاقیکردنەوە گشتییەکان) و دواتر بەناوی (لیژنەی**

بەردەوام )ەوە دەناسرێت.

ب // ئەندامانی لیژنەی بەردەوام لەو کەسانە دەستنیشان دەکرێن کە ناسراون بە دڵسۆزی و گیانی بەرپرسیارێتی و دەست پاکی وخاوەن ئەزموون لە بواری پەروەردە و فێرکردن، بەڕێوەبەری گشتی تاقیکردنەوەکانیش دەبێتە جێگری سەرۆکی لیژنە.

پ // لیژنەی بەردەوام پێکەوە بەرپرسن لە بەڕێوەبردنی تاقیکردنەوە گشتییەکاندا و دانانی پرسیارەکان و پاراستنی نهێنییەکانی و دەرهێنانی ڕێنمایی تایبەت بە ڕێکخستنی و بەڕێوەچوونی راگەیاندنی ئەنجامەکانی و بەدواداچوونەوەیان، کارەکانی لیژنەی بەردەوام بەکاری بەدەرایی ( استپنائی ) دادەنرێت جیا لەکاری فەرمانبەری ئاسایی.

بەندی 50

بابەتەکانی تاقیکردنەوە گشتییەکانی خوێندنی ئامادەیی بە هەموو بەشەکانییەوە بە ڕێنمایی لەلایەن وەزیری پەروەردەوە دەستنیشان دەکرێن.

بەندی 51

زمانی کوردی زمانی فەرمی خوێندنە لە گشت خوێندنگەکانی هەرێمی کوردستانی عێراقدا، هەردوو بابەتی زمانی عەرەبی و زمانی ئینگلیزی لە پاڵ زمانی کوردیدا دەخوێندرێت.

بەندی 52

خوێندکارانی ئەو خوێندنگەیانەی بە زمانی تر جگە لە کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی دەخوێنن سەرەڕای ئەو زمانانە تاقیکردنەوە لەو زمانەشدا دەکەن ئەگەر خۆیان بیانەوێت و وەزیری پەروەردە بڕیار دەدات بابەتی دیکە بخاتە سەر بابەتەکانی تاقیکردنەوە گشتییەکان.

بەندی 53

وەزارەتی پەروەردە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا بڕیار دەدات نمرەی پێویست بخرێتە سەر ئەنجامی نمرەی خوێندکار بۆ کێبڕکێی وەرگرتن لە کۆلێژ و پەیمانگاکاندا.

بەندی 54

ئەو خوێندکارانەی مافی بەشداربوونیان هەیە لە تاقیکردنەوە گشتییەکانی قۆناغی ئامادەییدا:

یەکەم // لە پۆلی دوانزەهەمدا لە گشت بابەتەکان لە ئەنجامی تێکڕای کۆششی ساڵانەدا

**دەرچوونیان بەدەست هێنا بێت.**

**دووەم // لە پۆلی دوازدەهەمدا لە تێکڕایی کۆششی ساڵانەدا لە سێ بابەت و کەمتر ماونەتەوە.**

**بەندی 55**

**تاقیکردنەوە دەرەکییەکانی قۆناغی ئامادەیی بە پێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە دەبێت.**

**بەندی 56**

**ئـ. کاتەکانی تاقیکردنەوە گشتییەکان ساڵانە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تاقیکردنەوەکان دەستنیشانی دەکات.**

**ب. وەزیری پەروەردە لە کاتی پێویستدا بڕیار دەدات کاتەکانی تاقیکردنەوە گشتییەکان بگۆڕێت.**

**بەندی 57**

1. **لە خولی یەکەمی قۆناغی ئامادەییدا دەرنەچوون نییە (لە هەرچەند بابەت مابێتەوە) واتە: سیستەمی دووبارەبوونەوە پەیڕەو دەکرێت.**
2. **لە پۆلەکانی (یازدە و دوازدە) نمرەی کۆششی ساڵانە لە تێکڕای (معدل) هەردوو نمرەی وەرزی یەکەم و دووەم پێك دێت.**
3. **نمرەی کۆتایی ساڵ لە پۆلی (یازدە ) لە تێکڕای (معدل) نمرەی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ و نمرەی کۆششی ساڵانە پێك دێت.**
4. **بەرزترین نمرەی دەرچوون 100 نمرەیەو نزمترین نمرەش 50 نمرەیە.**
5. **ئەگەر ڕۆژێکی تاقیکردنەوەکان بەر پشووی فەرمی کەوت ئەوا تاقیکردنەوەی ئەو ڕۆژە دەچێتە ڕۆژی دواتر بە هەمان زنجیرەی خشتەی تاقیکردنەوەکان.**

**بەندی 58**

**ئـ // هەر خوێندکارێك لە وانەیەکدا لە 50٪ یا زیاتری بەدەست هێنا ئەوا لەو وانەیەدا بە دەرچوو دەژمێردرێت.**

**ب // خوێندکار بە دەرنەچوو دادەنرێت ئەگەر:**

1. **نمرەی کۆتایی وانەیەك یان زیاتر لە خولی دووەمدا لە 50٪ کەمتر بوو.**
2. **لە خولی دووەمی تاقیکردنەوەکان لە بابەتێك ئامادەی تاقیکردنەوەکان نەبوو بە هەر هۆیەك بێت.**

3. گزی (قۆپیە)ی کرد یان هەوڵی قۆپیەکردنیدا لە تاقیکردنەوەکاندا (خولی یەکەم یان دووەم) و چاودێر و بەڕێوەبەری هۆڵیش باوەڕیان پێهاتبێت.

**بەندی 59**

تاقیکردنەوەکان بە پێی تایبەتمەندێتی بابەتەکان و ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە بە نووسین و زارەکی و پراکتیکی ئەنجام دەدرێن.

**بەندی 60**

یەکەم // تاقیکردنەوەی ڕۆژانە و مانگانە و هەڵسەنگاندنەکان لە لایەن مامۆستای بابەتەکانەوە ئەنجام دەدرێن، بەڵام تاقیکردنەوەکانی وەرزی و کۆتایی ساڵ بۆ پۆلە ناکۆتاییەکان لە لایەن ئەو لیژنانەوە ئەنجام دەدرێن کە لە خاڵی (دووەم) ی ئەم بەندەدا ئاماژەی بۆ کراوە.

دووەم // دەستەی مامۆستایان چەند لیژنەیەك لە مامۆستاکانی یەك بابەت یا چەند بابەتێکی نزیك لە یەکەوە پێك دەهێنێت. ئەم لیژنانە لە لایەن ئەندامێکی لیژنەکان بەڕێوەبەر دەستنیشانی دەکات سەرپەرشتی دەکرێن. ئەم لیژنانە بە هاوکاری مامۆستایانی خەریکی ڕێکخستنی تاقیکردنەوەکان و پشکنینی تێنوسەکانی تاقیکردنەوەکان دەبن بەمەبەستی سەرخستنی تاقیکردنەوەکان و دەرئەنجامەکان و کارئاسانی بۆ ئامادەکردنی راپۆرتی گشتی ساڵانە هەروەها ئەم لیژنانە لەکۆتایی ساڵدا راپۆرتێك پێشکەش بە ئەنجوومەنی مامۆستایان دەکەن دەربارەی لایەنە باش و خراپەکانی ئەم تاقیکردنەوەیە.

سێیەم // ئەگەر لە بابەتێك یەك مامۆستای پسپۆڕ هەبوو ئەوا ئەویان پرسیار دادەنێت و ئەگەر زیاتر بوون ئەوا پێکەوە پرسیاری کۆتایی ساڵ دادەنێن و هەموویان بەرپرسیارن لە پاراستنی ئەو نهێنییەدا.

چوارەم // لیژنەی تاقیکردنەوەکان بە سەرۆکایەتی بەڕێوەبەر و ئەندامێتی یاریدەدەری بەڕێوەبەر و بە لایەنی زۆرەوە سێ ئەندامی دەستەی مامۆستایان کە لە لایەن ئەنجوومەنی مامۆستایانەوە هەڵدەبژێردرێن، کە ئەرکەکانیان ئەمانەن:

ئـ. ڕێکخستن و راپەڕاندنی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی وەرز و هەردوو خولی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ.

ب. سەرپەرشتیکردنی وردی ئەنجامدانی پشکنین و هەژمارکردنی نمرەکان بە پێی وەڵامە

**نموونەییەکان.**

**پ. تۆمارکردنی نمرەی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی خوێندکاران و ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان و ناردنیان بە شێوەی نووسراو بۆ داییابەکان.**

**ت. ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی گشتگیری ساڵانە لە بارەی تاقیکردنەوەکان کە تیایدا ئاستی خوێندکاران و ئاماری تایبەت بە ئەنجامەکان و پەیوەندییەکان بە پرۆسەی فێرکارییەوە شرۆڤە دەکەن.**

**بەندی 61**

**هیچ خوێندکارێك بە بێ پاساوێکی ڕەوا بۆی نییە لە تاقیکردنەوەکانی ڕۆژانە و مانگانە و وەرزی و هەڵسەنگاندنەکان ئامادە نەبێت.**

**ئـ. پەسەند کردنی ئەو پاساوانەی پەیوەندییان بە تاقیکردنەوەکانی ڕۆژانەو هەڵسەنگاندنەکان هەیە لە لایەن مامۆستای پسپۆڕەوە بڕیاری لە سەر دەدرێت.**

**ب. پەسەند کردنی ئەو پاساوانەی پەیوەندییان بە تاقیکردنەوەی مانگانە و وەرزییەوە هەیە لە لایەن بەڕێوەبەر و مامۆستای بابەت بڕیاری بۆ دەدرێت.**

**پ. ئەگەر خوێندکار نەخۆش بوو لەخولی یەکەمدا بە پێی ڕاپۆرتی لیژنەی پزیشکی تایبەت تاقیکردنەوەی بۆ دووبارە دەکرێتەوە لەخولی دووەمدا.**

**بەندی 62**

**یەکەم // هەر خوێندکارێك دوو ساڵ لە سەر یەك لە پۆلێکدا دەرنەچوو مافی دەوامی لە خوێندنگەی ڕۆژدا نامێنێت.**

**دووەم // ئەو خوێندکارانەی دوو ساڵ لە سەر یەك لە پۆلێکدا دەرناچن ئازادن ساڵی سێیەم لە هەمان پۆلدا لە خوێندنی ئێواران درێژە بە خوێندن بدەن وە یان بە شێوەی دەرەکی بەشداری لە تاقیکردنەوە گشتییەکاندا بکات بە پێی ئەو ڕێنماییانەی وەزارەت دەری دەکات.**

**سێیەم // هەموو ئەو خوێندکارانەی ڕاپۆرتی نەخۆشییان هەیە لە لیژنەی پزیشکی تایبەت ناچنە خولی دووەمی تاقیکردنەوەکان، بە پێی ڕێنماییەکان ئەو ساڵەی بۆ دەکرێت بە ساڵی نەکەوتن.**

**بەندی 63**

**دەكرێ هەندێ ڕێنمایی و ڕوونكردنەوە بۆ ئاسانكاری جێبەجێكردنی بەندەكانی ئەم سیستەمە دەربكرێن.**

**بەندی 64**

**هەموو ئەو ڕێنماییانەی پێشتر كاریان پێكراوە و پێچەوانەی ئەم سیستەمەن لەگەڵ ڕاگەیاندنی ئەم سیستەمە نوێیە هەڵدەوەشێنەوە و كاریان پێناكرێت.**

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆكی ئەنجوومەنی وەزیران**
2009/1/21